هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٣٠

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو سی

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/١٠/٤ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/١٠/٥ ل ١٦٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/١٠/٦ ل ٣٣٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ١١)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٢/١٠/٩ ل ٣٦٥

هەرێمی کوردستان ئەدای حکومەتی هەرێم لەم کابینەی نۆیەمە ئەوەندە خراپ بووە پێویستی بە هەڵبژاردنی پێشوەختە بووە نەوك ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ دوابخرێت، نە پرۆژەیاسای بودجە هاتۆتە پەرلەمان نە پلە بەرزکردنەوە کراوە نە دامەزراندن کراوە نە ئازادی رادەربڕین هەبووە نە نرخی سووتەمەنی کە ئیستا نرخی سووتەمەنی بەرمیلێك نەوت بە (٢٧٠٠٠) دوو سەدو حەفتا هەزارە، ئەم کارە جوانانەی حکومەت ئەبوایە وای بکردایە کە هەڵبژاردنی پێش وەختە بکرایە نەوەك هەڵبژاردنی دوا وەختە وەکاریکی نایاسایی تیایا بکرێت وە هیچ بیانوویەك نییە کەوابکات لە پەرلەمان ئەوەندە زەق بێت بیانووەکە، کە هەڵبژاردن دوا بخات یان لە کاتی خۆیا نەیکات، بەڵام جوابی ئەوە نایەنەوە چۆن جوابی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەیەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین، بەڕێزان هەر بەڕێزێکی ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە راپۆرت بکرێت بە بنەمای موناقەشە، با دەنگ بدات، بە زۆرینە پەسەند کرا، ناونیشان بخوێننەوە فەرموون. فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان:

بابەت/ راپۆراتی لیژنەی کاروباری یاسایی: لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی (چوارشەممە)رێککەوتی (٢٠٢٢/١٠/٥) کاتژمێر (١٠:٣٠)ی بەیانی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرت بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی هەرێمی کوردستان- عێراق، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی پێ پەسەندە.

ناونیشان: پێشنیازە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ناونیشانە؟ کەس قسەی نییە. فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١).

١-ماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق. لە رێککەوت (٢٠٢٢/١١/٦) کۆبوونەوە کۆتایی دێت پەرلەمان تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی (٢٠٢٣) لەسەرجەم کارو ئەرکەکانی بەردەوام دەبێت.

٢-پێویستە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، پێش کۆتایی هاتنی ئەو وادەیە لە بڕگەی یەکەم ئەو ماوەیەدا هاتووە ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١)؟ تکا دەکەم سەبرتان هەبێت، من ئیدارەی جەلسە دەکەم، لەسەر ماددەی (١) ناویان بنووسن، باشە ناویان بنووسە بۆ ناونیشان، تکا دەکەم سەبرتان هەبێت

سـەرۆكی پەرلەمـان ئیـدارەی جەلسـە ئەدات، بـۆ ناونیشـان نـاوی ئەو بەڕێـزانە بنووسـە تەواو.
فەرمoo شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەم ئاماژە بە بەرنامەی كار، كە لە بڕگەی (یەكەم) هاتووە هەروەها ئاماژە بە ماددەی (٤٨) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بـڕگەی (دووەم) كە دەڵێـت: تـاوەكو بـڕگەیەك لە بەرنـامەی كـار تەواو نەبێـت ناتوانرێـت بڕگەیەكـی تـر بخـرێتە بەرنـامەی كـارەوە، ئەمە دیسـانەوە نـازانم بەڕێزتـان دكتۆراتـان هەیە لە یاسـا بەڕێزتـان سـەرۆكی پەرلەمـانن وە ئەمە دووەمـین خـوولە بە بەرنـامەی ئـیش و كـاری خۆتـان بچـنەوە هەزارجـار لە بـڕی جارێـك ئەم پەیڕەوەتـان شـكاندووە، بـۆ ئـێمە مانـان گەر یەكجـار بمانەوێـت قسەیەكی هەق بگەیەنین، بۆ ئێمە مانان گەر پەیامێك بگەیەنین بە دەستوور بە یاسا بە پەیڕەو، بەڵام هەزارجـار ئەم مایكەتـان لە ئـێمە كوژانـدوەتەوە هەزارجـار لە پڕۆتۆكـۆڵ و راگەیانـدنەوە پەیامەكانی ئێمەتان بڕیوە، دەپرسم چۆن ئەم پێشێلكارییە دەكەن؟ ئەمە پەیامی بەڕێزتانە وەكو سـەرۆكی پەرلەمـان ئێسـتاو لە رابـردووش، ئێسـتا چـۆن وەكـو سـەرۆكی پەرلەمـان كە درێژكـردنەوەی ئەم پەرلەمـانە هەمـووی لە ئەسـتۆی بەڕێزتـانە، بەڵام ئێسـتا چـۆن هەمـوو ئەو پێشـێلكاریە لە یاسـاو لە پەیـڕەو دەكەن وە حەق بەخۆتـان ئەیەن وەكـو قـانوونییەك وەكـو سەرۆكی پەرلەمان تەمەنی پەرلەمان درێـژ ئەكەنەوە هەروەهـا پەیـڕەو ئەشـكێنن بە ئاشكرا وە پێشێلكاری یاسای دەكەن، ئەمە لە پێناوی چیا دەكەن ئەم هەموو ئۆبـاڵە لە پێنـاوی چیـا دەخەنە سەر شانتان تەمەنـا دەكەم یاداشـتەكانت تۆمـاركەیتەوە بـۆ ئەوەی دوای ئەم خـولەی پەرلەمـان كۆتایی هات هیچ نەبێت تۆزێك ویژدانت ئەو كـات بەوە بكـات كە تـۆ چـۆن بوویـت ڕۆڵـت چـی بووە ئەدات چی بووە، ئەوە دۆخ و ژیان و گوزەرانی خەڵكیشتان لە مل قابیلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك كاوە.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنازە یاسای بەردەوامی خولی پێنجەمی پەرلەمـانی كوردسـتان، مـن پێشـنیار دەكەم بكـرێتە پێشنیازە یاسای هەڵپەساردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان پێشـنیار دەكەم كە لەدوای (٢٠٢٢/١١/٦) ئەو پەرلەمانە هەڵپەسێردرێ تاوەكو هەڵبژاردن دەكرێت وە كار لەسـەر ئەوە بكرێـت كە لەو ماوەی لەبەر دەستمانە ئەمڕۆ (٢٠٠٢/١٠/٦) تا (٢٠٢٢/١١/٦)، ئێمە یاسـای هەڵبـژاردن هەمـوار بكەین و كۆمسیۆن كارا بكەینەوە، چونكە پێم وایە ئەگەر نییەتـی هەڵبـژاردن هەبێـت بەڕاسـتی دەتوانین لە موددەیەكی زۆر كەم لەماوەی سێ مانگ ئێمە هەڵبژاردن بكەیـن یەعنـی مـن قسـەم لەگەڵ كۆمسیۆن كردووە كێشەی كۆمسیۆن تەنها ئەوەیە سجلی ناخیبینە، ئێمە ئەتـوانین پشـت بە تۆماری دەنگدەرانی عێراق ببەستین ئەوەی (٢٠٢١/١٠/١٠) كە هەڵبژاردنـی پێكراوە بێگومـان لە نزیكترین موددە ئەتوانین هەڵبژاردن بكەین، ئەگەر بەهانەكە ئەوەیە ئێمە بە هەڵبژاردن راناگەین یەعنی من سێ ڕۆژە پرسیار دەكەم لەسـەر ئەوەی ئایـا بـۆچی چ مـادەیەكی قـانوونی هەیە كە

پەرلەمانی پێ درێژ بکرێتەوە بەڕاستی هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوت بەقوەترین وەڵامی ئێوە ئەوە بووە دەڵێن والله عورفە لەبەر ئەوەی چوار خولی پەرلەمان درێژکراوەتەوە ئەوەش درێژ ئەکرێتەوە ئێ باشە عورفە کە لە مەیدانی حەیوانان دەستی پێکردبێت و درێژ کرابێتەوە چ عورفێکە پەیڕەوییەکەی یەعنی ئەمە بەڕاستی هەم پێشتریش قسەمان لەسەر کردووە ناقانوونییە عەیبەیەکی زۆر زۆر گەورەیە بۆ پەرلەمان، بۆیە تکایە پێشنیارەکەی من قبوڵ بکەن با پەرلەمان هەڵپەسێرین، بۆ ئەوەی فشارێکیش بێت بێت لە لایەنەکان، من دەمەوێ ئەوە بڵێم ئێمە لە (٢٠٢١/١١/٣) دەستمان بە گفتوگۆ کرد هەموو سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەشت کۆبوونەوەمان کرد نەگەیشتینە ئەنجام لە ماوەی یەك ساڵ، تەبعەن نییەت نەبوو نەگەینە ئەنجام بەهانە ئەدۆزراوە بۆ تاخیر کردن، بۆیە ئێمە پەرلەمان هەڵپەسێرین فشارێك دەبێت بۆ لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەوەی لە زووترین کات هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت غەیری ئەوە هەرشتێك بکرێت نایاساییە ناقانوونییە وە بەهیچ شێوەیەك شەرعیەتی نامێنێت هەر کەسێك لەناو ئەو پەرلەمانە بمێنێتەوە لەدوای (٢٠٢٢/١١/٦) مووچە وەربگرێت، بەڕەئی من عەیبەیەکی گەورە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان، ئێمە بەرامبەر بە نوقتە نیزامییەکان ئەوەمان ڕەتکردەوە کە لەگەڵ ئەم پرۆژە یاسایە نین، بەڵام دەرکەوت سەرۆکایەتی پەرلەمان بیەوێ چی دەکات وە هەر پرۆژە یاسایەکی هەبێت سیفەتی بە پەلەی پێدەدات و دەری دەکات، لەگەڵ ئەوەدا زیاد کە مەعلومی جەنابتانە زیاد لە (٤٠) یاداشت ئاڕاستەی جەنابتان کراوە لای جەنابتان بوونی هەیە هەمووی کێشەی خەڵکە، پلە نشینییە، خانەنشینییە، هێزەکانی ناوخۆیە، چەند جار ئێمە داواکاری ئەوەمان کردووە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکرێت چاکسازییەکان بکرێت، ئێمە دەڵێین بەڕاستی دەرکەوت سەرۆکایەتی پەرلەمان بیەوێت ئیشێك بکات ئەتوانێ لەماوەی چەند مانگێك هەر (٤٠) یاداشتەکەی داواکاری خەڵکی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات و حکومەت بانگێشتی پەرلەمان بکات و داواکاری خەڵك و کوردستان جێبەجێ بکات بەداخەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەم بوارەیا کەمتەرخەمە بەرپرسیارەتی زۆری لە ئەستۆیە کە زیاد لە(٤٠) یاداشت جگە لەو پرۆژە یاسایە گرینگانەی کە داواکاری خەڵکە لە ئەستۆی جەنابتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوای (٢٠٢٢/١١/٦)، ئێمە پێکەوە دەمێنینەوە مەجالێکی تیا بێڵن. فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پێشنیارە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، والله من درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان کە بەردەوام بێت هیچ یاسایەك و

پاڵپشتییەکی دەستووری و یاسایی نابینم، ئەمە پێنجەم خولی پەرلەمانە ئێمە وەکو عورفێکی خراپ بەڕاستی تەمەنی درێژدەکەینەوە یان بەردەوام دەبێت لە ئەرکەکانی خۆی، ئەوە گرێبەستێکی نێوان ئێمەو خەڵکە وێڕای ئەوەی کە پاڵپشتییەکی یاسایی و دەستووری نییە گرێبەستی نێوان خەڵکە بۆ چوار ساڵ ئەم خەڵکە هەڵیبژاردووە، ئایا لە جەنابتان دەپرسم لە یەکە بە یەکەی پەرلەمانتارەکان ئێمە قسەی خەڵکمان پێیە کە تەمەنی خۆمان درێژکەینەوە لە جیاتی خەڵك؟ ئایا خەڵك ئێستا لەم پەرلەمانە رازییە؟ ئایا خەڵك لە یەکە یەکەی ئێمە رازییە؟ بۆیە بەڕاستی من داوا لە بەڕێزتان دەکەم وەك هەڵوێستێکە مێژووی وە بۆ رێگریکردن لەم عورفە خراپە کە جارێکیتر فێرنەبین تەمەنی خۆمان درێژکەینەوە لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی ئەم ناونیشانە هەر بگۆڕدرێت پێشنیازە یاسای هەڵپەساردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان، تا ئەو کاتەی کە لایەنە سیاسییەکان رێکدەکەون لەسەر یاسای هەڵبژاردن تەنها بۆ ئەوە کۆبێتەوە کە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکاو هەڵبژاردن بکرێت بەڕاستی، ئەوی دیکە ئەمە بە حەقەتەن بە شتێکی خراپی دەزانم نە یاسا دەرکەین نە بەدواداچوون بکەین وە لەگەڵ ئەوەشم بەڕاستی پارەکانیش ببڕن، بۆ ئەوەی خەڵك نەڵێن کاکە ئەوانە دانیشتوون و پارە وەردەگرن بە بڕیارێك پارەی هەموان ببڕن بەس بەڕاستی هەڵی پەسێرن با نەبێتە عورفێکی دیکەی خراپ و بەردەوام بێت کەوا ئێمە نەتوانین یەك هەڵبژاردن لەکاتی خۆیا بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی پەیڕەویش دەستم بەرز کرد ناویشم نووسرا نازانم بۆ ناوتان نەخوێندمەوە، لە ناونیشانی بەردەوامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەپێی مادده (٥١) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەی (٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان بۆ چوار ساڵە وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد، باشە چ قانوونێك چ ماددەیەکی قانوونی رێ بەوە دەدات کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی واژۆ لەسەر ئەو پێشنیازە بکات بۆ ئەوەی تەمەنی خۆی درێژکاتەوە، ئایا ئێوە یاسا بەوە تێدەگەن وەکو کاڵایەك بە باڵای خۆتان بیدوورن؟ پێشنیاز دەکەم ناونیشانەکە بکرێتە هەڵپەساردنی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، لەسەر پێشنیازە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، پێشنیار دەکەم بکرێتە پێشنیازە یاسای هەڵپەساردنی، چونکە ئەوە ئەرکێکە کە هەڵدەستێ بە دەنگی خەڵك ئەوە ئەرکە لەبەر ئەوەی ئەو پەرلەمانە نەیتوانیوە

لەگەڵ خەڵك راستگۆ بێت هەر بەردەوامبوونەکەی دەبێتە پێچەوانەی ئەو سوێندەی کە (٦ی/ مانگی ١١) خواردومانە بەرامبەر بە مافی خەڵك پێچەوانەی دەستوورو یاساو هەموو ئەو عورفە قانوونیانەیە، سەبارەت بە درێژکردنەوەی کە دەبێتە خیانەت لە دەنگی خەڵك لەبەر ئەوەی ئەم پەرلەمانە نەیتوانی محاسەبەی وەزیرێك بکات لە بڕی ئەوەی فەرشی سوری بۆ راخا دەبوو محاسەبە کراباو چەند وەزیرێك ئیستجواب بکرابوایە، بەڵام هەمیشە دەستەی سەرۆکایەتی پشتیوانی حکومەت و وەزیرەکانی کردووە، بۆیە ئەرکە لەسەرتان هەڵیبسپێرن لەبەر ئەوەی ئەم پەرلەمانە نەیتوانیوە لە ئاست ماف و خەم و داواکاری خەڵك بێت، من یەك شتم هەیە بۆ تۆ سەرۆکی پەرلەمان لە رابردووتا وتت رێز نەگرتنە لە قانوون درێژکردنەوەی، هیوادارم کە رێز لە قانوون و دەستوور ناگرن رێز لە قسەکەی خۆتان بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام شتەکان زۆر شەخسی مەکەنەوە، بێتامتان کردووە لەم رووەوە، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێتاممان نەکردووە قسەی خۆتت پێدەڵێینەوە بە بەڵگە هەیە قسەکەی خۆت، خۆ قسەی من نییە ئەوە قسەی خۆتانە نەوەکو قسەی من.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١)، خوێندراوەتەوە هەر بەڕێزێك لەسەر ماددەی (١) قسەی هەیە، قسە بکە واللە ئەو هاوار هاوارەی ناوێ قسە بکە، بەڕێزان ئەوانەی ئەیانەوێت لەسەر ماددەی (١) قسە بکەن لەبەر ئەوەی ماددەکە خوێندراوەتەوە دەستتان بەرزکەن ناوتان بنووسرێت تا مامۆستا قسەکان تەواو دەکات، ماددەی (١) کێ دەیەوێت قسە بکات؟ فەرموو کاك

**بەڕێزعمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بە پێی ئەو ماددە پەیڕەویەی کە ئەم دەستوورو یاسایەی بۆ پێشکەش کراوە  هەر بەپێی ئەو پەیڕەوەی کە دەسەڵاتتان داوە کە پەلە بکەن لەم یاسایە، هەر بەپێی ئەو پەیڕەوەی کە بە زوویش یاساکەتان هێنایە ناو هۆڵی پەرلەمان، هەر لەو پەیڕەوە هەیە تەمەنی پەرلەمان چوار ساڵە، بۆیە تکایە پێشنیار دەکەم ئەم یاسایە رەتکەنەوە مەیخەنە بەرنامەی کارەوە گفتوگۆی لەسەر نەکرێت ئەمە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نییە، بەرژەوەندی میللەتەکەمان نییە، بەرژەوەندی بەرژەوەندی پاراستنی بنەما دەستووری و دەوڵەتی و یاساییەکان نییە، دواخستنی هەڵبژاردن نەریتێکی زۆر زۆر خراپی مەترسیدارە هەموو دۆستانی هەرێمی کوردستان پێمان ئەڵێن هەڵەیەکی ستراتیجی ئەکەن هەرێمەکەمان رۆژ بە رۆژ لەسایەی حوکمەتداری لەم جۆرە، دەوڵەتداری لەم جۆرە، سیاسەتی لەم جۆرە، پەرلەمانی لەم جۆرە لاواز ئەبێت، ئێمە بە پابەندیمان بە بنەما دەستوورییەکان بە عورفە پەرلەمانییەکانەوە بە بنەما دیموکراسییەکانەوە هەرێمی کوردستان بەهێز دەبێت بۆیە پێشنیاز دەکەم ئەم پێشنیازە یاسایە رەتبکرێتەوە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لەوەدایە بەرژەوەندی پەرلەمان لەوەدایە، ئەگەر بمانەوێت

حکومەتێکمان هەبێت حکومەتێکی بەهێز بێت پەرلەمان لە (٢٠٢٢/١١/٦)، تەمەنی یاسایی کۆتایی دێت حکومەت ببێتە کاربەڕێکەر، ئەم ماوەی لەبەر دەستماندایە ئەم بیست و پێنج رۆژە بەسە بۆ ئەوەی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکەینەوە کۆمسیۆن کارا بکەینەوە بەیاسایەکەوە بچینە دەرەوە خۆمان بخەینەوە بەردەم خەڵکی کوردستان بڵێین خەڵکی کوردستان فەرموو ئەمە مافی ئێوەیە ئەمە کۆتایی هات تەمەنی یاساییمان کۆتایی هات، بۆیە ئەگەر ناتوانین کێشەی خەڵك، یەك پەڕە گرافم ماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله سەرەتا دەمەوێت رەخنەی ئەوە بگرم.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رەخنە مەگرە یەکسەر باسی ماددەی (١) بکە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

زۆر دەرگای موزایەدە بۆ کەسانێك دەکەیتەوە کە هیچ پەیوەندی بەو بابەتە نییە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئەوە ئیشی تۆ نییە حسیبە خان قسەکەو بکە.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

........ ئیشی ئێمەیە کە دیفاع لە پاراستنی پەرلەمانی کوردستان وەك دامەزراوەیەکی یاسایی هەرێم کوردستان بکەین، بۆ ماددەی (١)، من پێشنیار دەکەم ماوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی(٢٠٢٣) لەسەرجەم ئەرك و کارەکانی بەردەوام دەبێت وە دووەم بڕگەیەکی بۆ زیادبکرێت لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە پێویستە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، پێش کۆتایی پێهێنانی ئەو وادەیەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ارشد.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ماددەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

یەکەم/ بڕگەی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی (٢٠٢٣)، لەسەرجەم کارو ئەرکەکانی بەردەوامبێت.

دووەم/ بڕگەی دووەم ئەو ماوەیەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماوەیە هاتووە پێویستە رێکسازی یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکان ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد تەواو بکرێت و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك بەختیار.

**بەڕێز بەختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان قسەکەم کرا، تەئیدی قسەکانی (حسیبە خان و کاك ارشد) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری (حسیبە خان و کاك ارشد و کاك بختیار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستییەکەی هاوڕێیان زۆر باسیانکرد کە ئەم درێژکرنەوەی پەرلەمان قانوونی نییە ودەستووری نییە و لەهیچ برگە ومادەیەکی دەستوور وقانوون کارپێکراوەکان لەهەرێمی کوردستانا ئامـاژە بە درێژکـردنەوە مـاوەی پەرلەمـانی کوردسـتان نەکـراوە، لەسـەر مـاددەی (١) پێشـنیار دەکەم پەرلەمـانی کوردسـتان ئەرك و کارەکـانی هەڵپەسـێرێت لە (٢٠٢٣/١١/٦) لەو مـاوەیە بەتەنهـا کۆبوونەوە بکات لەسەر کارا کردنەوەی کۆمسیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکـان هەروەهـا قـانوونی ئنتخابـات (هەڵبـژاردن) هەمـوار بکـرێتەوەو لایەنەکـان کـۆکبن لەسـەری و لەم مـاوەیە کارەکانی هەڵپەسێرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی قسەکانی کاك (ارشد) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشــتی قســەکانی کــاك (ارشــد) دەکەم وە گــرینگە لە دووەم تەئکیــد لەوە بکــرێتەوە کە ئامادەکارییەکانی هونەری و یاسای و کارگێڕییەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (١)، منـیش پشـتیوانی لە قسـەکانی (ئاشـنا خـان) دەکەم، ئەم تەمەنەی پەرلەمان ئەگەر درێژئەکرێتەوە هەڵپەسێردرێت تا ئەوکاتەی کە یاسای هەڵبـژاردن و کۆمسـیۆن کارا دەکرێتەوەو هیچ ئیش و کارێکی ئەم پەرلەمانە نەڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرمووو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢): کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێـك ناکرێـت لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم یاسـایەدا نـاکۆك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ماددەی (٢) هەیە؟ فەرمووو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣): ئەم یاسـایە لە ڕۆژی پەسـەندکردنی لەلایەن پەرلەمـانەوە جێبەجـێ دەکرێـت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ماددەی (٣) هەیە؟ فەرمووو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ژمارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هەمـوارکراو ڕۆژی (٢٠٢٣/١١/٦) کۆتـایی هـاتنی مـاوەی خـولی پێنجەمـی پەرلەمـانی کوردسـتان- عێـراق، بەمەبەستی ڕێگریکـردن لە دروسـتبوونی بۆشـایی یاسـایی ودەسـتووری و پاراسـتنی یەکڕیـزی نیشـتیمانی وئامادەکـاری بـۆ هەڵبژاردنـی خـولی شەشـەمی پەرلەمـانی کوردسـتان، ئەم یاسـایە دەرکرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەرهۆیەکانی دەرچوواندن هەیە؟ (د. زانا، کاك زیاد، حسیبە خـان، گوڵسـتان خـان، کاك لقمان، کاك مەلا ویسی، کاك چیا، کاك باڵانبۆ، کاك محمد، کاك بهجت).، فەرمووو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هۆیەکانی دەرچوواندن پێشـنیار دەکەم بەم شـێوەیەی لێبکرێـت: بەمەبەسـتی ڕێگریکـردن لە دروســتبوونی بۆشــایی یاســایی و بەرجەســتە کردنــی پرەنســیپی بەردەوامــی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق، و گەرەنتیکردنـی بەرژەوەنـدییە گشـتییەکان لە

بەردەوامی پیادەکردنی دەسەڵاتەکاندا و هەروەها بۆ تەواوکردنی ڕێکسازییە یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەکانی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد و جێگا متمانە و ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبارتر، بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتیمانی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پیادەکردنی مافەکانی خۆپاڵاوتن و دەنگدان و فەراهەم کردنی هەلومەرجی ڕکابەری یەکسان لە نێوان هەمواندا ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو هۆیانەی کە ئەبنە هۆی دەرچوواندن، بەداخەوە ئەبوایە لە (٢٠٢٣/١٠/١) ئەبوایە هەڵبژاردن بکرابووایە لە هەرێمی کوردستان، پێشتریش چەندین کۆبوونەوە وەکو برادەرانیش باسیانکرد لەنێوان هێزە سیاسییەکان کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، مەبدەئێك هەبووە لای هێزە سیاسییەکان لە رابردوو کە مەبدەئێکی سازان و ڕێکەوتن لەسەر پرۆژەیەك بۆ قانوونەکە بەشێوەیەك بێت کە بتوانن لە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجام بدەین هەڵبژاردنێك بێت کە هەموو هێوە سیاسییەکان پێ موقنیع بین هەموو خەڵکی کوردستان هەست بکات کە ئەو دەنگەی ئەیاخاتە ناو سندوقەکەوە دەنگەکەی پارێزراوە، بەداخەوە لەم ماوەیەدا چەندین کۆبوونەوە کرا ئەوەی کە مەبدەئی سازان بوو هەموو لایەکمان قەناعەتمان پێی هەبووە نەمان توانیووە بسازێین لەسەری هەڵبژاردن لەکاتی خۆی ئەنجام بدرێت لەبەر ئەوە یەکێك لەو خاڵانەی کە لە دەرچوواندن تیایەتی کە ئەبێت ئیشارەت بەوەکەین کە ئێمە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەکەین هەڵبژاردنێکی لەجێ ئەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، دووەم ئێمە هەموو ئەزانین ئێستا بۆشاییەکی یاسایی بۆ هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەیە نەك پەرلەمان بۆ حکومەت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ هەموو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەکەونە بۆشایی یاساییەوە ئەگەر ئێمە ئەمە نەکەین هەروەها بارودۆخی عێرق و ناوچەکەش ئێستا هەموو ئەزانین چۆنە ڕەنگە ئەوەندەیکە بارگرانی بۆ هەرێمی کوردستان دروست بێت لەبەر ئەوە پشتیوانی قسەکانی کاك زانا ئەکەم بۆ هۆکارەکانی دەرچوواندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن من پێم باشە ئەم دەستەواژانەش بخرێتە سەری سەرەڕای پشتیوانیم لە قسەکانی کاك زانا لەپێناوی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئامادەکاری بکرێت بۆ تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد لە عێراق، ئەو بایۆمەترییەی عێراق بهێنرێت پشتی پێ بەسترێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ویسی.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن، پشتگیری قسەکانی برای بەڕێزمان دکتۆر زانا دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن سەرۆکی فراکسیۆن کران، من پشتیوانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری کاك زیاد دەکەم، قسەکانی من لەلایەن ئەوەوە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك بهجەت.

**بەڕێز بهجەت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من هاتنە کرنێ ژ لایێ کاك زانای، تەئیدا ئاخافتنێ وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی قسەکانی کاك زانا دەکەم کە خوێندرایەوە هەروەها پشتگیری قسەکانی کاك زیاد و گوڵستان خان دەکەم، یەك تێبینیشم هەیە لەسەر یاسایی بوون و یاسایی نەبوون دەستوورێکمان نییە ئستسنائی لەسەر بکەین، هیچ یاسایەك نییە ڕێگریمان لێبکات کە درێژکەینەوە، خۆی ئەمە یاسایە دەنگی لەسەر دەدرێت دەنگی لەسەر درا یاسایە نەمدیووە لە دنیا یاسایەك یاسای نەبی، خۆی دەبی دەبیتە یاسا دەنگی لەسەر دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی (لقمان وردی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوون، لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە لەماوەی رابردوودا تێڕوانینی جیاواز هەبووە لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن پرۆژەی جیاجیا پێشکەش کراوە کۆبوونەوەی زۆریان کردووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەوەی

بەڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەمـوواری یاسای هەڵبـژاردن، بـۆیە کـاتیش لەبەردەم نەمـاوەو کۆمسیۆنیش لە ئێستادا کـارا نییە، بـۆیە لەبەردەم ئەوەی ئایـا هەرێمی کوردستان بکەوێتە فەراغـی دەسـتووری یـان موئەسەسـات و دام و دەزگـا دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان پـاریزراوبن ئەکیـد هەمووومـان لەگەڵ ئەوەیـنە کەخـاڵی دووەم هەڵبژێـرین، بـۆیە بـۆ دەوڵەمەندکردنی هۆکارەکانی دەرچوواندن پشتیوانی لە ڕای کاك زیاد و کاك زانا ز گوڵستان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من ژ لایێ د. زانا هاتنە کرین پشتیڤانێ وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کـار تەواوبـوو داوا لە لیـژنەی یاسـایی دەکەیـن ڕاپۆرتمـان بـۆ ئامـادەبکەن بەمەبەسـتی دەنگـدان. بەڕێـزان دەسـت بە دانیشـتنەکەمان ئەکەیـنەوە فەرمـوون، بڕگەی دووەمی بەرنامەی کـار جێبەجێ ئەکەیـن کە بـریتییە لە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـڕۆژە یاسای پەروەردەو فێرکاری لە هەرێمی کوردستان- عێـراق، داوا لە بەڕێـزان لە لیـژنەی پەروەردە ئەکەم بێـنە سـەر منەصـەکەو لە شـوێنی خۆیـانبن، مـاددەی (١٥٦) بخـوێننەوە لەبەر ئەوەی ئەم بەڕێزانەی لەسەر ماددەی (١٥٥) ناویان نووسی بوو کەسیان لێرە نین. فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی چوارەم/ ئەرك و پێکهاتەی وەزارەتی پەروەردە:

بەشی یەکەم/ ئەرکەکانی وەزارەت، ماددەی (١٥٦):

وەزارەت لەڕێگای ئەم ڕێکارانەی خوارەوە هەوڵی گەیشتن بە ئامـانجە گشتی و هاوبەشـەکانی پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەدات.

١ - جێبەجێ کردن و بەدواداچوون بۆ ئەو ئەرکانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

٢ - چەسپاندنی بنەمـای فێرکردنـی گشتی بەرمەبنـای دابینکردنـی هەلـی پەروەردەیـی و فێرکـاری گونجاو.

٣ - کارکردن بۆ دابینکردنی دڵنیایی جۆری و بەستنەوەی بە ڕێکـاری سەرپەریشـتی کردنـی هەمـوو دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان.

٤ - دروسـتکردن و دامەزرانـدن و بەڕێـوەبردنی دامەزراوە حکومییەکـان بە هەمـوو قۆنـاغ و جۆرەکانیان هەروەها پارێزگاری کردن لە سەربەخۆییان و دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی بەگەڕ کەوتن و بەردەوام بوونی کارەکانیان.

٥ - دابینکردنـی هۆکارەکـانی فێرکـردن و تەکنیکە پێویسـتە پەروەردەییەکـان بـۆ کـاری پەروەردەو فێرکردن.

٦ - دیاریکردنی بنەماو پێوەرە گشتییەکانی گەشەپێدانی پڕۆسەی فێرکاری.

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای (بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق)، بەپێی حوکمی مادەکانی (٩١،٩٠، ٩٢، ٩٦)لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
دووەم: بەردەوامبوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای (پەروەردەو فێرکاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی، بەپێی حوکمی برگەی (دووەم)ی، ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٦ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.
یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتنی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبوو بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی برگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: خوێندنەوەی دووەم کرا، بۆ ماددەکانی (١٥٤ تاوەکو ١٦٦) لە کۆی گشتی (١٨١) مادده لە پرۆژە یاسای (پەروەردەو فێرکاری لە هەرێمی کوردستان).
پێنجەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لیستی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەتی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ٢٠٢٢/١٠/٦ هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە، (ڕۆژان محمد کریم، کاروان عبدالرحمان عبدالله، هاوڕی بناء محمد، بەڵێن اسماعیل حاجی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین، داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەین بێن بۆ جێگەکانی خۆیان فەرموون، دەنگدانمان هەیە جارێ، دوای ئەوە هەموو نوقتە نیزامییەکان وەردەگرین بەچاوان. بەڵێ بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی برگەی (یەکەم)ی، بەرنامەی کار دەکەین دوای ئەوە خاڵە پەیڕەوەکان وەردەگرین، بەڵێ .فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.
بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی
لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٦ کاتژمێر(١)ی نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دەنگدان سەبارەت بە پێشنازە یاسای (بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق) لیژنەی یاسایی گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
سەبارەت بەناونیشان دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای هەڵپەساردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق،

پێشـنیاری دووەم: وەك خـۆی، پێشـنیازە یاسـای بەردەوامبـوونی خـولی پێنجەمـی پەرلەمـانی کوردستان- عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناونیشان، دوو پێشنیار هەیە کێ لەگەڵ یەکەمە؟ سێ ئەندامی بەڕێز لەگەڵ پێشـنیاری یەکەمە، دەسـت خـۆش، کـێ لەگەڵ دووەمە؟ پەسـەندکرا. بەڕێـزان دیـارە شـتەکە ڕوونە لەبەرچاوتـانە، بەڕێزان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ، داوای هەڵپەساردن دەکەن، کە دەنگیاندا تکایە بەس بیخەنە سەر ئەوە، ماددەی دوای ئەوەش هەڵپەساردنی تێدایە، فەرموو. کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١):

سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

مـاددەکە بەم شـێوەیەی خـوارەوە لێبکرێـت، پەرلەمـانی کوردسـتان ئەرك و کارەکـانی خـۆی هەڵپەسێرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٦ کۆبوونەوەکانی ڕادەگیرێن، جگە لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە سـەبارەت بە بـابەتی کـاراکردنەوەی کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، هەمواری یاسای هەڵبژارن ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو.

پێشنیاری دووەم:

وەك خۆی.

سێیەم: ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لێبکرێت:

١-خولی پێنجەمی پەرلەمـانی کوردسـتان- عێـراق، تـا کۆتـایی وەرزی یاسـادانانی پـایزەی سـاڵی (٢٠٢٣)، لە سەرجەم کارو ئەرکەکانی بەردەوام دەبێت.

٢-لەو مـاوەیەی کە لە بـڕگەی یەکەمـی ئەو مـاددەیەدا هـاتووە پێویسـتە ڕێکسـازییە یاسـایی و کاریگەری و هونەرییەکانی ئەنجام دانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد تەواو بکرێـت و هەڵبـژاردن ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ بەڕێـزان، سـێ پێشـنیار هەیە بـۆ مـاددەی (١)، هەڵبژاردنـی یەکەم، بـژاردەی یەکەم، هەڵپەسـاردن، کـێ لەگەڵ بـژاردەی یەکەمە؟ هەر بەڕێزێـك لەگەڵ هەڵبژاردنـی دووەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ هەڵبژاردەی سێیەمە؟ پەسەندکرا، ماددەی دوا ئەوە. فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

ماددەی (٢) کار بە هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە نەگونجێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی دووەمە؟ پەسەندکرا، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی(٣) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

وەك خۆی.

پێشنیاری دووەم:

ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لێبکرێت:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٣) هەر بەڕێزێك لەگەڵ یەکەمە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ دووەمە؟ پەسەندکرا، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەهۆیەکانی دەرچواندن، دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم:

وەك خۆی.

پێشنیاری دووەم:

بەم شێوەیەی لێبکرێت:

هۆیەکانی دەرچواندن بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دروستبوونی بۆشایی یاسایی و بەرجەستە کردنی پرەنسیپی بەردەوامی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، گەرەنتی کردنی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە بەردەوامی پیادەکردنی دەسەڵاتەکاندا، هەروەها بۆ تەواو کردنی ڕێکسازییە یاسایی و کاریگەریی و هونەرییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردو جێی متمانە، هەروەها دەستەبەرکردنی تۆماری بایۆمەتری پاك و بێگەرد و ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی لەبارتر، بۆ هێنانەدی یەکڕیزی و کۆدەنگی نیشتمانی لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پیادەکردنی مافەکانی خۆ پاڵاوتن و دەنگدان، هەروەها فەراهەم کردنیان لە هەلومەرجی ڕکابەری یەکسان لە نێوان هەموویاندا ئەو یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ بەڕێزان هۆکارەکانی دەرچوواندن دوو بژاردەی هەیە: یەکەم کێی لەگەڵە؟ کەس لەگەڵ نییە. دووەم کێی لەگەڵە؟ پەسەندکرا. بەڵێ، زۆر سوپاس. کێ لەگەڵ کۆی یاساکەیە؟ بەڵێ، بەدەنگی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، زۆر سوپاس. لیژنەی یاسایی فەرموون بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، پێشنیازە یاساکە بەکۆی دەنگی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون، منی خان خاڵە پەیڕەوییەکان بنووسە، ( کاك زیاد، کاك لقمان، کاك بەڵێن، کاك یاسین، گلیزار خان)، فەرموو کاك زیاد.